پەرلەمانی عێراق لەسەر لەشکرکێشی تورکیا بۆ خاکی هەرێمی کوردستان کۆبۆتەوە

بڕیارە ئێنجووەمینی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی داهاتووی لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و سزای سەر فڕۆکەخانەی سلەمانی بکات.

فاتن قەرەغولی، ئەندامی لیژنەی گواستنەوە و گێیاندن لە ئێنجووەمینی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی سەباح-ی ڕاگەیاندووە، "لە ماوەی ڕابردوودا سەردانی فڕۆکەخانەی سلەمانیان کردووە و لەبارەی گەمارۆی سەر ئەو فڕۆکەخانەیە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆبوونەتەوە".

ئاماژەی بۆکردووە، "ئەو سزایەی تورکیا خستوویەتیە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلەمانی گەمارۆیی سیاسییە و مەحەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق داوایکردووە بشۆازی دیپلەماسی پرسەکە چارەسەربکرێت".